# 18ی شوبات

## یادێکی زیندووە لە هزری نەتەوەیی قوتابیان و لاوانی کوردستان

(٦٥) ساڵ بەر لە ئێستا و لە رۆژگارێکی دژواری سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەماندا لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣، بە پێشنیار و دەستپێشخەریی رابەری کاریزمای نەتەوەیی گەلەکەمان(مستەفا بارزانی)، ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دامەزران و بوونە ئامرازێك بۆ جۆشدانی لاوان و قوتابیانی کوردستان بە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان رۆڵ و پێگەی هەر دوو رێکخراوەکە لە پێگەیاندنی گەنج و لاوی کورد هەڵدەسەنگێنن.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



ڕێکخراوەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) کە لە سەر دەستی بارزانیی نەمر لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ دامەزران، لە ڕەوتی شۆڕش و خەبات و پاراستنی وڵات و لە سەنگەری زانستیشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، هەر بۆیە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەم دوو ڕێکخراوەدا سەرۆك مسعود بارزانی لە پەیامێکیدا وێڕای پیرۆزباییکردن لە قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان گوتی: «قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە هەموو قۆناغێکی خەباتی گەلەکەماندا ئەرك و جێدەستیان دیار بووەو شوێنی پێگەیاندن و پەروەردەی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری و چاونەترسی بوون و لەو ڕێگەیەدا قوربانیدان داوە، ئێستاش کە گەلەکەمان لە قۆناغی بەرخۆدان و چەسپاندنی مافەکان و تێپەڕاندنی کۆسپ و تەحەددییەکاندایە، ئەرکی قوتابی و لاوان لە هەموو کاتێك هەستیارتر و قورسترە.»

سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیاندا بە پێویستی دەزانن «قوتابیان و لاوان لە جاران زیاتر شوێنکەوتووی بەها بەرزەکانی خەبات و کوردایەتی بن و لە هەڕەشە و تەحەددییاتەکان نائومێد نەبن.» هەروەها دەڵێت: «گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆڕاگرانە قوربانییان داوە، لەبەرانبەر دیکتاتۆریدا وەستاونەتەوە و تیرۆر و هزری توندڕۆییشیان تێکشکاندووە. هەروەها بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە داوای مافی ڕەوای خۆیان کردووەو لە هەموو قۆناغەکاندا بە ئیرادەیەکی بەهێز و پۆڵایین بەردەوام بوون.»

هێمن میرانی مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی کادری حزبی و ئیداری بۆ پارتی و بۆ هەموو کوردستان گێڕاوە.» هاوکات دەڵێت: «ئەوانەی لەو ڕێکخراوە کاریان کردووە، لە ئێستادا لە نێو حزب و دامەزراوەکانی حکومەت و کۆمەڵگە خاوەن پێگەن و جێدەستیان دیارە. ئەو ڕێکخراوە لە سەردەمی زانکۆوە فێری سەرەتاکانی کاری ئیداری و حزبی و دامودەزگاییان دەکردین. لەوێوە فێری ئەوە بووین کە وڵاتەکەی خۆمان خۆش بوێ و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا کار بکەین و ماندوو نەبین.» بێگومان ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە و ڕێکخراوی لاوان حاشاهەڵنەگرە و جێگایان لە پێگەیاندنی کادراندا گەورە و دیارە. ئەو دوو ڕێکخراوە کاری زۆریان کردووە بۆ جۆشدانی لاوان و قوتابیانی کورد بە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی. هەر بۆ مێژوو دەڵێم ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکەم دامەزراوە بووین پێش حکومەتی هەرێمیش کە باجی ئاڵای کوردستانمان بۆ یەخە داهێنا و لە نێو نوێنەری پۆلەکانمان دابەشمان کرد. ئەوەی باجی ئاڵای کوردستانی لە یەخە بوایە، ئەوە بێگومان ئەندام و نوێنەری یەکێتی قوتابیان بوو.

هەروەها یەکێتی قوتابیان یەکێك بوو لە ڕێکخەر و سەرخەرەکانی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠٠٥ کە بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان بەڕێوەی برد.»

تەرزە محەمەد کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەبارەت بە پێگەیاندنی خۆی لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەڵێت: «بە ڕۆح قەرزاری ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانم پیرۆز بێت ١٨ی شوبات و هەمیشە شانازی بە مێژووی کارکردنم لەو ڕێکخراوە پیرۆزە دەکەم کە بۆ من وەک ڕێکخراوی دایك بووە. بێگومان هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان زۆر هەستیارو چارەنووسسازە، ئەمەش لە هەموو لایەك دەخوازێت بەوپەڕی بەرپرسیاریەتییەوە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیان ڕاپەڕێنن و لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و وڵاتەکەمان دریغی لە گیانفیدایی و خەبات و تێکۆشان نەکەن.» گوتیشی: «خەباتی (٦٥) ساڵەو نەپساوەی ئەو کاروانە سەرکەشەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکرات مایەی شانازییە، کە توانیویەتی ڕێکخراوێکی کاریگەرو گرنگ و کۆکەرەوەی هێزو تواناکانی سەرجەم لاوان و قوتابیانی کوردستان بێت و پانتاییەکانی کاروچالاکییەکانی زیاترو چاکتر پەرە پێبدات و بە دەیان کەسایەتی و سەرکردە و سیاسەتمەداری لێهاتووش پێشکەش بە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بکات. قوتابیان و لاوان وەك داینەمۆی داهێنان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە دوو توێژی گرنگی کۆمەڵگەی کوردین، بۆیە پێویستە شان بەشانی چین و توێژەکانی دیکە وزە و تواناکانیان زیاتر بخەنەگەڕ و هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پاراستنی دەستکەوتەکان بێت، هەروەکو چۆن هەمیشە جێ پەنجەیان بەرچاو بووە لە جۆشدان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەپێناو بونیادنانی داهاتوویەکی بەرهەمدار و کۆمەڵگەیەکی تەندروست. ئەم ڕێکخراونە بەپێی پەیڕەو پڕۆگرامی ناخۆیی خۆیان هەمیشە هەوڵی نوێبوونەوەو وشیارکردنەوەی تاکی کوردیان داوەو جێپەنجەیان دیارە لەناوخۆ و دەرەوەشدا، ئەوەتا لاوانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بیانی هەوڵی کارکردن دەدەن بۆ خۆشگوزەرانی و بەدیهاتنی ئاواتەکانی تاکی کورد و هەنگاونان بۆ ناساندنی کەلتووری کوردستان. پێگەی ئەم دوو ڕێکخراوانە زۆر مەزنەو هەمیشە لەهەوڵ و تێکۆشان و شەونخوونیی بەردەوامن بۆ قوتابیان و لاوانی کوردستان و دەرەوەك چەندین دەستکەوتی گرنگیشیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان بۆتاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر کردووە.»

ڕائیدی مافپەروەر فلامینا وەحید سەرەتا ئاماژە بە بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: «ئەگەر باسی ئەو سەردەمە بکەم کە خۆم لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم، دەبێت بڵێم لەو تەمەنەدا هەموومان جگە لەوەی خۆمان خاوەن بیرێکی

**حیکمەتی جەنابی سەرۆک بارزانی، قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، و خۆڕاگری گەلەکەمان و ئێمەش وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە بە خامەکانمان و لە پێویستیشدا بە خوێن لە خزمەت سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی دەبین**

**دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دوای هەستکردنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بوونی کەلێنێکی گەورە لە ناو چینی قوتابیان، و پێویستییەکی مێژوویی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو**

**دەبێت ئەوە لە بیر نەدەین کە گەورەکانی گەلەکەمان لە ڕێگەی کارکردن لەو ڕێکخراوانە هەنگاوی سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە**



**قوتابیان و لاوان وەک داینەمۆی داهێنان و گەشەسەندنی کۆمەڵگە دوو توێژی گرنگی کۆمەڵگەی کوردین، بۆیە پێویستە شان بەشانی چین و توێژەکانی دیکە وزە و تواناکانیان زیاتر بخەنەگەڕ و هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پاراستنی دەستکەوتەکان بێت**

**یەکێتی قوتابیان یەکێک بوو لە ڕێکخەر و سەرخەرەکانی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠٠٥ کە بزوتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان بەڕێوەی برد**

**ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان یەکەم دامەزراوە بووین پێش حکومەتی هەرێمیش کە باجی ئاڵای کوردستانمان بۆ یەخە داهێنا و لە نێو نوێنەری پۆلەکانمان دابەشمان کرد**

نیشتمانپەروەری بووین، ئازادانە بوون بە ئەنداممان هەڵبژارد لەم ڕێکخراوە و وەك سەرجەمی ئەوانەی کە لەپێگەی بەرزی وڵاتن، شانازیمان دەکرد کە وەرگیراین وەك ئەندام، خۆیشم هەر لەو ڕێکخراوەدا پێگەیشتنی کەسایەتیم هەست پێکرد، زۆر شتم لە خۆم دیت کە جیاواز بوون لە کچانی هاوتەمەنی خۆم بیروبۆچوونم نیشتمان و خاك و گەل لە هەرە پێشینەکانی هزر و ویستم بووك حەزم دەکرد هەمیشە بەسوود بم بۆ گەلەکەم و بتوانم باشترین تواناکانم پێشکەشیان بکەم.» گوتیشی: «بە رای من ئەگەر هەمان کەسە دڵسۆزەکان بە دروستی ڕێبازی بارزانی پەیڕەو بکەن، ئەوا لە قوتابیان و لاوان باشترین تواناکانن بۆ خزمەتی نیشتمان و داهاتووی گەلەکەمان، باوەڕبوون بە تواناکانیان و پاڵپشتی و نەشکاندنەوەشیان زامنی ئەوەیە و دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کە گەورەکانی گەلەکەمان لە ڕێگەی کارکردن لەو ڕێکخراوانە هەنگاوی سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە. پیرۆزبایی لە لاوان و قوتابیان دەکەم بە هیوام داهاتوویەکی پرشنگدار چاوەڕێییان بکات.»

نێچیروان حوسێن، سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە «دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دوای هەستکردنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بوونی کەلێنێکی گەورە لە ناو چینی قوتابیان، و پێویستییەکی مێژوویی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بوو. ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ سەرەتای گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی بوو لە ناو چینی قوتابیان و کاریگەری ئەم ڕێکخراوە دواتر لە بەشداری کارای ئەندام و کادیرانی لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز، و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان چ بە ئاشکرا لە شاخ و چ بە نهێنی لە شار ڕەنگی دایەوە.» هاوکات دەڵێت: «گۆشکردنی کادیران بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، کارکردن لەسەر دڵبەندی و پەیوەستیی قوتابیدان و لاوان بەرامبەر خاك و نیشتمان، و برەودان بە رەوتی زانست و ڕۆشنگەری لە پێناو پێگەیاندنی تاکی کارامە و شارەزا لە بوارە جیاوازەکان و ئامادەکردنیان بۆ کایە ئیداری و سیاسییەکان لە ئامانجە سەرەکییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوون و دەبن.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی کاریگەر لە کوردستان کە لە گرنگیی ئەو چین و توێژەی نوێنەرایەتییان دەکات سەرچاوە دەگرێت، هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە لە پێناو بەردەوامیدان بە ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە گۆڕەپانی کاری ڕێکخراوەیی بە جۆرێك کە پێكهاتە و شێواز و چۆنیەتی کارکردنی گونجاو بێت لەگەل شێوازی سەردەمییانەی کاری ڕێکخراوەیی و وەك هەمیشە قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتیمانپەروەران بمێنێتەوە.» هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «لەم قۆناغە راگوزەرەدا کە تیایدا بۆ یەکەمین جار کوردستانییان ویستی سەربەخۆییخوازیی خۆیان لە بەڵگەیەکی یاسایی و نەمردا دا بە گوێی جیهاندا کە دەنگدان بوو بە «بەڵێ» لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و گەلەکەمان لە هەموو کات زیاتر نزیکترە لە هێنانەدی خەونی لە مێژینە و مافی ڕەوا کە دروستکردنی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆی کوردستانییانەیە.» گوتیشی:»بە حیکمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی، قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، و خۆڕاگری گەلەکەمان و ئێمەش وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە بە خامەکانمان و لە پێویستیشدا بە خوێن لە خزمەت سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی دەبین.»

# هەڵکشانی هاوردەکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان زەنگێکی مەترسیدارە



باشووری کوردستان سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، ئێرانیش سنوورێکی بەرینی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە، کە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری ماددەی هۆشبەرە لە جیهاندا، ماوەیەکیشە بازرگان و قاچاخچییانی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆرو شێوازەکان هەوڵی هاوردەکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ باشووری کوردستان دەدەن. چالاکانی مەدەنی ئەوە بە زەنگێکی زۆر مەترسیدار دەزانن و دەزگا ئەمنییەکانیش بە توندی رووبەڕووی ئەو دیاردەیە دەبنەوە، هاوکات داوای هاوکاریی زیاتری هاووڵاتیان دەکەن. بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی عێراقیش کە ساڵی ١٩٦٥ دەرچووە و لە ساڵی ١٩٦٨ هەموار کراوەتەوە، بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بە سێ ساڵ زیندان تا هەتاهەتایی سزا دەدرێن، ئەوەشی بەکاری دەهێنێت، سزاکەی لە شەش مانگ تا سێ ساڵ دەبێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دوو تاوانی جیاوازن و جۆری سزاکەشیان وەك یەك نییە، بۆیە پێشنیار دەکرێت، بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر وەك نەخۆش سەیر بکرێن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت. توێژەرانی کۆمەڵایەتیش داوا لە حکومەت و میدیاکان دەکەن پلانی جددییان بۆ رووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر هەبێت.

شەونم کەریم توێژەری کۆمەڵایەتییە و بە پێویستی دەزانێت پێش هەموو شتێك لە سیستمی پەروەردەوە سەبارەت بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر دەست بە هۆشیارکردنەوەی تاك بکرێت. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «زیاتر لە ٧٠٪ی خەڵکی کوردستان بەم ماددەیە ئاشنا نین و زانیارییان لەسەر زیان و مەترسییەکانی نییە، بۆیە پێویستە مامۆستایانی ئایینی لە خوتبەی رۆژانی هەینی خەڵك هۆشیار بکەنەوە، مامۆستایانی زانکۆ سیمیناری بۆ ببەستن، میدیاکانیش گرینگیی تەواوی پێ بدەن.» گوتیشی: بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان مەترسییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی وڵات و گەنجانی وڵاتەکەمان هەیە، تەنانەت لە تیرۆریش ترسناکترە، چونکە ئەگەر رەگی لە ناو کۆمەڵگە داکوتا، بە هیچ هێزێك ریشەکێش نابێت.»

محەمەد مستەفا قوتابیی دکتۆرایە و مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی کیتابی زانکۆیی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە چەندین زیانی لەسەر تاك و کۆی کۆمەڵگە هەیە، بۆیە پێویستە زۆر بە جددی رێگری لێ بکرێت، هەتا نەوەی داهاتوو دوور بێت لە هەر کارێکی نەشیاو و بەلاڕێداچوون کە رەوشتی بەرز تێکدەدات.» گوتیشی: «خۆشبەختانە تا ئیستا کۆمەڵگەی کوردی بە رادەیەکی زۆر باش لەو لایەنەوە پاکە، بەڵام بە دووریش نییە لەوەی کەوا مەترسی لەسەر نەبێت. بۆیە دەبێت تاکی خۆمان بە زیان و مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر زیاتر ئاشنا بکەین، کە لە چەند خاڵدا دەکرێت دەستنیشانیان بکەین:

١- تووشبوو گیانی دەکەوێتە مەترسی و تووشی چەندین نەخۆشی رۆحی و جەستەیی دەبێت، جگە لە بەفیڕۆدانی سامانێکی زۆر، ئەویش بە هۆی کڕینی ئەو ماددەیە کە دەستکەوتنی ئاسان نییە.

٢- دروستبوونی چەندین باندی بازرگانی لێدەکەوێتەوە کە مەترسییان لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی وڵات دەبێت.

٣- کەسایەتیی تووشبوو لە کەسی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لاواز و بێ ئیرادە و بێ بەرهەم کە هیچ سوودێکی بۆ خێزان و کۆمەڵگە نابێت.

٤- ئەنجامدانی تاوان کە لەوانەیە لەبەر بێهۆشی هەستیشی پێ نەکات.

٥- لێکترازانی خێزان کە ئەوەش یەکێکە لە زیانە هەرە گەورەکانی ماددە هۆشبەرەکان.»

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٠، عێراق لە رووی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانەوە پاکترین وڵات بووە، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە عێراق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش رووی لە زیادبوون کردووە. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵی دەرمان و تاوان (UNODC) ئاماژەی بەوە کردووە کە ساڵانە جگە لە زیانی ماددی و کۆمەڵایەتی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی وڵات و زیادکردنی رێژەی تاوان، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ساڵانە

**پێویستە پێش هەموو شتێک لە سیستمی پەروەردە سەبارەت بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر دەست بە هۆشیارکردنەوەی تاک بکرێت**

**بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان مەترسییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی وڵات و گەنجانی وڵاتەکەمان هەیە، تەنانەت لە تیرۆریش ترسناکترە، چونکە ئەگەر رەگی لە ناو کۆمەڵگە داکوتا، بە هیچ هێزێک ریشەکێش نابێت**

دەبێتە هۆی مردنی (٣,٣) ملیۆن کەس لە جیهان و ژمارەی قوربانییان بە (٢٥٠) ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو پەتایەو بەرپرسانی ئەمنی جەخت لەوە دەکەنەوە کە «٩٠٪ی ماددەی هۆشبەر کە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون، سەرچاوەکەی ئێران بووە، ئەوەی دیکەی لە سنووری تورکیاوە هاتووە.

بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی هەولێر، ئاماری کار و چالاکییەکانی لە ساڵی ٢٠١٧ بەمجۆرە ڕاگەیاندووە: لە ساڵی ڕابردوو ٥٦٩ کەس بەپێی ماددەی ١٤ لە یاسای هۆشبەر دەستگیرکراون و ڕادەستی دادگا کراون. ٧٠ کەس لەوان سزادراون، ١١٢ کەسیان لەبەر کەمیی بەڵگەی تاوان ئازاد کراون، ١٣٤ کەسیشیان بە دەستەبەری (کەفیل) ئازادکراون و پەڕاویان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، هەروەها ٢٥٣ کەسیان تاوەکو ئێستا پەڕاویان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و کێشەکانیان لە دادگا یەکلایی نەبوونەتەوە. هەروەها دەست بەسەر ٥٣ کیلۆ گرام لە ماددە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکانی وەك (تلیاك، حەشیش، هێرۆیین، شیشە و ماریجوانا)دا گیراوە. ئاماری تۆمەتباران لە ساڵی ٢٠١٧ بەراورد بە ئاماری تۆمەتباران لە ساڵی ٢٠١٦ زیادی کردووە، زیادەکەش بریتییە لە ٣٦ کەس، ١٦ کیلۆ ماددەی هۆشبەریش زیاتر دەستی بەسەردا گیراوە.

لە لای خۆیەوە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمیدا ئاماژەی بەوە کردووە، لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك بەشی چارەسەری تووشبووان هەیە و(١١١) ئالوودەبوو لە هەر سێ بەشەکە چارەسەری پزیشکییان بۆ کراوە کە تائێستا لە نەخۆشخانەکانی هەرێم تۆمارکراون. ئەوەشیان خستووەتەڕوو کە لە ئەمساڵدا نەخشەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەلایەن لیژنەی باڵاوە ئامادە کراوەو ڕەزامەندی سەرەتایی وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی لە داهاتوویەکی نزیکدا، بە مەبەستی بەهێزترکردنی ڕێوشوێنەکانی بەگژداچوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێم بە ڕێگەی:

١- دامەزراندنی دەزگای نیشتمانی بۆ هاوردن و بە بازاڕکردنی دەرمان و پێویستی پزیشکی لە هەرێم.

٢- پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە مۆڵەتی هاوردن و کۆنترۆڵ و بەدواداچوونی دەرمانی پزیشکی هۆشبەرو دەرمان و پێکهاتە کیمیاییەکان کە دەکرێت وەك هۆشبەر بەکاربهێندرێت.

٣- بەهێزکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دەزگاکانی ئاسایش لە هەرێم.

٤- دروستکردنی دوو نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەر و شیاندنەوەی ئالوودەبووان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

٥- دیاریکردنی هەفتەی نیشتمانی هۆشیاری ماددەی هۆشبەر لە سەرەتای مانگی یازدەی هەموو ساڵێك و هەماهەنگی و هاوکاری سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێم بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسییەکانی مادەی هۆشبەرو خۆپاراستن و خۆڕزگارکردن لێیان.

داوا لەو هاووڵاتیانەش دەکەن کە بە هەر هۆکارێك بوونەتە قوربانیی دەستی ماددەی هۆشبەر، لە زووترین کاتدا سەردانی پزیشك، یان بەشەکانی چارەسەری ئالوودەبووان لە نەخۆشخانەکانی هەرێم بکەن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بە تەواوی چارەسەر دەکرێن، ئەگەر زوو سەردان بکەن.

**تووشبوو گیانی دەکەوێتە مەترسی و تووشی چەندین نەخۆشی ڕۆحی و جەستەیی دەبێت، جگە لە بەفیڕۆدانی سامانێکی زۆر، ئەویش بە هۆی کڕینی ئەو ماددەیە کە دەستکەوتنی ئاسان نییە**

**کەسایەتیی تووشبوو لە کەسی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لاواز و بێ ئیرادە و بێ بەرهەم کە هیچ سوودێکی بۆ خێزان و کۆمەڵگە نابێت**

